### خەڵات ئەسعەد گۆڵپارێزی یانەی گازی باکوور:

# گرنگی نەدان بە وانەی وەرزشیی کچان گرفتی گەورەی بەردەم کچانە

**شارو شارۆچکەکانی کوردستان خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، قەزای ئاکرێ-ی سەر بەپارێزگای دهۆك-یش خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە و پاشەڕۆژێکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی ئەو قەزایەش یاریزان خەڵات ئەسعەد ـە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری ئاکرێ و قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی ئاکرێ و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردن و گۆڵپارێزکی بەتوانایەو بۆ چەندین یانە یاری کردووە، لەوانە: یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و قەڵا و پیرەمە گروون، ئێستاش لە یانەی گازی باکوور و هەڵبژاردەی عێراقە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



*** ئاستی یاری تۆپی پێ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی ئەم یارییە تا رادەیەك باشە، بەڵام زۆر نا، لە بەر ئەوەی سەرپەرشتیارانی ئەم خولە و هەندێك لە ناوبژیوانانیش بە راستی کاری خۆیان بەڕێوەنابەن و تاك لایەنن.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-کاریگەری زۆری هەیە لەسەر یاریزانان و تیپ بەگشتی و بەرەوپێشیان نابات و تا وای لێ دێت ئاستی یارییەکەش نزم بێت .

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی پێی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

-پێم باشە سەرەتا راستگۆیی و عەدالەت دیاری بکرێت بۆ گشت تیپەکان بەبێ جیاوازی تا گشت لایەك لە نێوان ئاستی تیپەکان سوودمەند بن.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی پێی کچان لە چی دەبینی؟**

-جیاوازی و ناعەدالەتی کردن و گرنگی نەدان بە وانەی وەرزشی کچان بە بەراورد لەگەڵ وەرزشی کوڕان گرفتی گەورەن.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- چەندین یانە هەبووە کە داوای منیان کردووە و ئێستاش هەیە، بەڵام خۆم لەگەڵیان رێك نەکەوتووم،

پێشووتر لە ئافرەتانی هەولێر بووم، ئێستا لە گازی باکوورم بۆ یاریگای گەورە و فوتساڵ.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

-هەوڵدەدەم گرنگییەکی زیاتر بە ئاست و توانای خۆم بدەم، وەکو گۆڵپارێزێك.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر لەگەڵی نیم، چونکە ڕاهێنەر و یاریزانانی کوردی خۆمان هیچیان لەوان کەمتر نییە، بەڵام پێویستیان بە مەشقی زیاتر و کردنەوەی خول بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستیان هەیە.

*** ئایا لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری و تا چەند پاڵپشتیت دەکەن؟**

- بەڵێ بەتەنیا وەرزشکارم، بەڵام خانەوادەکەم هەموویان حەز بە وەرزش دەکەن و بینەری وەرزشین و یاریش دەکەن وەکو گۆڵپارێز، بەڵام شانسی ئەوەیان بۆ ڕێکنەکەوتووە بچنە یانەکان، زۆریش پشتگیری من دەکەن وەکو وەرزشکار.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیواخوازم بە چاوێکی پێشکەوتووتر و بە بەهاتر بڕواننە پیشەی وەرزش لە کوردستان بەگشتی و کچان بەتایبەتی، لەبەر ئەوەی ئێستا زۆر کچی خاوەن بەهرەمان هەیە، بەڵام لەبەر گرنگی نەدان پێیان و لایەنی کۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە گەشە بکەن، ئەگەر لایەنە بەرپرسەکان گرنگی بە وەرزشکارانی خۆمان بدەن، پێویستیمان بە یاریزانی دەرەوە نامێنێت.

*** چۆن بوو یانەی گازی باکوورت هەڵبژارد، لە کاتێك تۆ لە ئاکرێی؟**

- پێش ئەوەی بچمە یانەی گازی باکوور چەند یاریزانێکی هاوڕێم لەم یانەیە بوون، ئەم یانەیەش لەگشت ڕوویەکەوە خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوانیان هەیە و پێشکەوتوون لە گشت لایەك، سوپاسی (مامۆستا مەزن)یش دەکەم کە پێشووتر لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێرو قەڵای تورکمانی و پیرەمەگروون ڕاهێنەرم بووە، چوونیشم بۆ کەرکووك بۆ ئەوە بوو کە یانەکە یەك خێزان و یەك ڕۆح و یەك خۆشەویستی کۆیان دەکاتەوە.

*** ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق وەکو کچە کوردێك دژایەتیت ناکرێ؟**

- نەخێر، تاکو ئێستا ئەوە ڕووینەداوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە وەرزش لە کۆمەڵگەی ئێمە وەکو دەرەوە گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت و زیاتر پێشکەوتوو دیار بێت، ئاستی منیش وەکو گۆڵپارێز لە باشترین بمێنم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.

*** بە چ گۆڵپارێزێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-لە ئاستی دەرەوە بە گۆڵپارێزی ئیتالی بۆفۆن و لە ئاستی ناوخۆش بە سەرهەنگ موحسین.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو دەرفەتەی بەمنتان داوە بۆ قسەکردن لە سەر بارودۆخی وەرزشی، هیوادارم گرنگی زیاتر بە یاریزانانی کچ بدەن بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەون.



# نویر تا ساڵی داهاتوو دوور دەکەوێتەوە




یانەی بایرن میونخ زەبرێکی کوشندەی بەرکەوت و جارێکی دیکە مانوێل نۆیەری کاپتن و گۆڵپارێزی دووچاری پێکان هات.
نۆیەر لە ماوەی رابردوودا و دوای پێکانە قورسەکەی وەرزی رابردووی جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ یاریگاکان، بەڵام بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی لە هەمان شوێنی شکاوییەکەی جاری رابردووی نۆیەر دووچاری پێکان بووەتەوە.
هەمان سەرچاوە بڵاویشیکردووە نۆیەر پێکانەکەی لە قاچی چەپی و لەهەمان شوێنی پێکانەکەی پێشوویدایە، بەوەش پێویستی بەئەنجامدانی نەشتەرگەری دەبێت.
رۆژنامە ئەڵمانییەکە ئاشکراشیکرد نۆیەر پێویستی بەئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی خێرایە و بەو هۆیەشەوە لانی کەم سێ مانگ لەیاریگاکان دووردەکەوێتەوە.
نۆیەر لە نیسانی رابردوودا و لەیاریی یانەکەی بەرامبەر یانەی ریاڵ مەدرید لە قۆناغی چارەکی کۆتایی چامپیۆنس لیگ قاچی چەپی شکاو بەو هۆیەشەوە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراو نزیکەی پێنج مانگ لەیاریگاکان دوورکەوتەوە.

یانەی ئیڤەرتۆن بڵاویکردووە بەبڕی ٣٢٠ هەزار پاوەندی سزای واین روونی هێرشبەری یانەکەیان داوە، ئەوەش لە کاتێکدایە یاریزانی ناوبراو لەماوەی رابردوواو بەتۆمەتی شۆفێری کردن لەژێر کاریگەری مادده کهولییەکاندا دەستگیر کرا.
لای خۆشیەوە واین روونی داوای لێبووردنی لەهاندەرانی یانەکەی کرد و راشیگەیاند جارێکی دیکە ئەو کارە دووبارە ناکاتەوە.
پێشتر دادگای ئینگلتەرا بۆ ماوەی دوو ساڵ واین روونی لە شۆفێری کردن بێبەش کردو کارکردنی بێبەرامبەریشی بۆ ماوەی ١٠٠ کاتژمێر بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بەسەردا سەپاند.

# تۆتنهام یانە زلهێزەکانی ئەوروپا بێهیوا دەکات



یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی دێلی ئالی ئەستێرەی یانەکەی دەستپێکردووە.

رۆژنامەی سەنی بەریتانی بڵاویکردووە یانەی تۆتنهام دەیەوێت بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی ئالی چاوی یانەکانی دیکە لەسەر ئەستێرەکەی لاببات.

سەن ئاشکرایکرد ئیدارەی سپێرز موچەی ساڵانەی یاریزانەکەی بۆ شەش ملیۆن یۆرۆ بەرزدەکاتەوە.

دێلی ئالی تەمەن ٢١ ساڵ لەهاوینی ٢٠١٥وە بەدرێسی تۆتنهامەوە یاری دەکات و تا ئێستا لە ٧٥ یاریدا درێسی یانە لەندەنیەکەی پۆشیوەو ٣٠ گۆڵیشی تۆمارکردووە.

ئالی لە ئەکادیمیای تۆتنهامەوە سەرکەوتووەو لە وەرزی رابردووەوە لەلایەن ماوریسیۆ پۆچیتینۆی راهێنەر وەك یاریزانی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.



# واین روونی تووشی سزایەکی قورس بوو



# نەریمان خدر چیتر لە کوردستان یاری ناکات

شاری هەولێر خاوەنی چەندین گۆڵپارێزی بەتوانایە کە دوارۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ تیپەکان ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، ئێستاش یانەکانی شاری بەغدا هەڵمەتی بردنی یاریزانانی یانەکانی شارەکانی کوردستانیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەن، یەکێك لەم یاریزانانەش نەریمان خدر گۆڵپارێزی شاری هەولێر و یانەی گازی باکوورە کە ئەمساڵ لە هەردوو خولی پلە نایابەکانی کوردستان و پلە یەکەکانی عێراقی ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە لەگەڵ تیپەکەی لە شاری کەرکووك، لە بارەی چوونیشی بۆ شاری



# فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر خۆی بەهێزتر دەکات

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراقی ئەنجامی باشی هەبووە، ئەمساڵیش کارگێڕیی یانەکە دەیەوێت زیاتر تیپەکەیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان ئەنجامی باشیان هەبێت، بڕیاریشە لەماوەی داهاتوو بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت و فوتساڵی ئافرەتانی هەولێریش لە ئێستاوە چاوی لە نازناوەکەیە و بۆ بەهێزکردنی تیپەکەش ئافرەتانی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان و هەروەها راهێنەر عەباس فەرەج کردووە کە پێشووتر لە یانەی ئەفرۆدێت بووە، لە بارەی هاتنی ئەم ستافە یاریزان و راهێنەرە عەباس فەرەج بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئەو بیرۆکەیەمان هەبووە بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکەین لە شاری هەولێر، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك گرفت و بەڕێوەنەچوونی خولی عێراقی بیرۆکەکەمان دواخرا بۆ ئێستا، لە ئێستاشدا لەگەڵ حەوت یاریزانی تیپەکەمان لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر رێکەوتووین بۆ ماوەی ساڵێك بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی بەهێز drووست بکەین بۆ هەردوو خولی نایابی عێراقی و کوردستان، دەمانەوێ ئەم تیپە تیپێکی بەهێز بێت و لەگەڵ مامۆستا مەزن بە یەکەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمەمان لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان هەبێت، ئامانجمان کێبڕکێ کردنە لەگەڵ سەرجەم یانەکان و بەدەستهێنانی نازناوە، ئافرەتانی هەولێریش یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی کوردستان و عێراق دەمانەوێ لەگەڵ ئەم تیپە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و لە داهاتووشدا لە شاری هەولێر کەمپێکی مەشقی و راهێنان دەکەینەوە، هەریەك لە یاریزانان (بێریڤان و سروشت و سەمیرە و نیا و پەرێز و شاگۆڵ) پەیوەندییان بە تیپەکە کردووە، لەگەڵ یاریزانانی هەولێر تێکەڵیان دەکەین بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی بەهێز دروست بێت.»

بەغدا و گرێبەست کردن لەگەڵ یانەی شورتە، نەریمان خدر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئاستێکی بەرزم پێشکەش کرد لە یارییەکانی خولی عێراقی، بۆیە لەلایەن یانەی شورتەوە گرێبەستم پێشکەش کرا بۆ ئەوەی لە خولی نایابی عێراقی یارییان بۆ بکەم.» گوتیشی: «گرێبەستم لەگەڵ یانەکەی شاری بەغدا مۆرکردووە بۆ ئەوەی لە ریزی ئەو یانەیە بتوانم یاری بکەم بۆ ماوەی دوو ساڵ و ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەم و ببمە جێگای رێزی ئەوان و ئاستی منیان بەدڵ بێت و بەرگری لە گۆڵی ئەوان بکەم لە خولی عێراقی، لە خولی کوردستانیش بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەم، چونکە من پەیوەستم بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەی شورتە هەمە، یانەکانی شاری بەغداش گرێبەستی باش دەدەن بە یاریزانان، بۆیە ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی کوردستان گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانی شاری بەغداو باشوری عێراقی مۆرکردووە.» لەبارەی خەونەکانی داهاتووشی گوتی: «دەمەوێت لە رێگای خولی عێراقییەوە بگەمە ئاستێکی بەرزی یاریکردن و سەری خۆم و شاری هەولێریش بەرز بکەمەوە، چونکە خولی عێراقی تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە و خاوەنی یاریزانی زۆری پیشەگەرە و لەسەر ئاستی عێراق کێبڕکێ زۆرە لە نێوان یانەکان و ژمارەی یانەکانیش زیاترە.»





# مانگی ١١ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لە مانگی ١١ی داهاتوو ئەنجام دەدات، تیپەکانیش لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان دابەشی سەر سێ کۆمەڵە کراون، لە شاری هەولێریش فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ سەرجەم تیپە بەشداربووەکان کۆبووەوە بۆ ئەوەی تیروپشك و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکەیان بۆ شی بکاتەوە، کۆمەڵەی یەکەم هەریەك لە یانەکانی (هەلۆ، گارە، دهۆك، ئاکرێ، سۆران، کۆیە) و کۆمەڵەی دووەم هەریەك لە یانەکانی (پێشمەرگەی سلێمانی، ئاڵتون کۆپری، سەورە، خاك، کفری، سۆلاڤ) و کۆمەڵەی سێیەمیش (سلێمانی و ئاشتی، دەربەندیخان، سەیدسادق، هەڵەبجەی شەهید، شەهیدان) لە خۆدەگرێت، ئەمساڵیش بەهۆی زۆریی ژمارەی تیپە بەشداربووەکان کێبڕکێ بەهێزتر دەبێت لە نێوان تیپەکان بۆ سەرکەوتن بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە و یانەکانیش هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدەستهێنانی پلێتی خولی نایابی کوردستان دەبێت، لە ئێستاشەوە دەستیان بە ئامادەکاری کردووە و بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن، بڕیاریشە رۆژی ٦ی مانگی ١١ یارییەکان بە شێوەی خول بەڕێوە بچێت.